سازان ساڵح

**یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی دەربەندیخان:**

# پێویستە کۆمەڵگە و خێزان هۆشیار بکرێنەوە، کە وەرزش تەنیا بۆ کوڕان نییە




*** لەنێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە بۆچی یاریی باسکەت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووم بۆ وەرزش هەبووە، بەتایبەتی یاریی باسکە، هەر بۆیە باسکەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاریی تۆپی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- تا رادەیەکی باش بەرەوپێش چووە، بەهیوای ئەوەم ئەم یارییە بچێتە قۆناخی باشتر و زیاتر لە شارەکانی کوردستان پەرە بستێنێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی باسکە لە شارەکانی کوردستان بەرز ببێتەوە؟**

- بۆ بەرەوپێشچوونی باسکە پێویستە هۆڵی یاری و پێداویستیی یاریی باسکە دابین بکرێت بۆ تیپەکان، هەروەها کردنەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر و ناردنی منداڵان لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ وەرزش.

*** ئایا پێتوایە نەکردنەوەی پاڵەوانێتی کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزانان بە گشتی هەبووە؟**

- بێگومان نەکردنەوەی پاڵەوانێتی کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی یاریزانان



**یانەی دەربەندیخان گرنگی بەردەوام بە یارییە وەرزشیەکانی سەر ئاستی کچان دەدات بە تایبەت لە یاری تۆپی باسکە کە ساڵانە بەردەوام مەشقی تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانان و ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتیەکان بە هیوای دروستکردنی یاریزانانی بەتوانا بۆ یانەکەیان بەردەوام کێبڕکێ کردن لەگەڵ سەرجەم یانەکانی شارەکانی عێراق و کوردستان، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش سازان ساڵح ئەو لە دایک بووی ساڵی ٢٠٠١ی قەزای دەربەندیخانە یەکێکە لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی یانەکە خاوەن ئاستێکی بەرزی یاری کردنە لە یاری تۆپی باسکە دەرچووی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سازان کرد ئەویش وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

و یانەکانیش هەبووە.

***دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان تا چەند هاوکاری و ئاسانکاریتان بۆ دەکەن؟**

- دەستەی کارگێڕی یانەکە هاوکاریمان دەکەن، بەڵام بەپێی پێویست نییە و گرفتی داراییش هۆکاری ئەوە بووە.

***چیی بکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر گرنگی بە وەرزش و ئەم یارییە بدەن؟**

- پێویستە کۆمەڵگە و دایکان و باوکان هۆشیار بکرێنەوە، لەوەی وەرزش تەنیا بۆ کوڕان نییە و کچانیش لەلایەن خیزانەکانیانەوە پشتگیرییان بکرێت.

*** هیواو وئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- هیواو ئاواتم وەك کچە یاریزانێك ئەوەیە بتوانم ئاستێکی باش پێشکەش بکەم لەگەڵ هاوڕێکانم و وەرزشی دەربەندیخان بە هەموو تاکێك بناسێنین.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە ؟**

- تەواوکردنی خۆێندنەکەم و بەردەوامیم لە یاریی باسکە.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ، تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- بێگومان ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکات .

*** بە چ یاریزانێکی یاریی باسکەی جیهانی سەرسامیت؟**

- لیبرۆن جمیس، ستیڤن کورری.

*** هیچ گرێبەستێکت لەلایەن یانەکان پێشکەش کراوە؟**

- نەخێر، لە هیچ یانەیەك بۆم نەهاتووە.

*** لە کۆمەڵگەی کوردی تاچەند پشتگیری وەرزشی ئافرەتان دەکرێ؟**

- خۆشبەختانە لە چاو چەند ساڵێك بەر لە ئێستا پشتگیری باشتر دەکرێت، بەڵام هێشتا پیویستی بە پشگیری زیاترە.

*** لە کۆتایی ئەم دیدارەدا دەتەوێ باسی چی بکەیت؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە لە سەرتاسەری کوردستان ئەنجامی دەدات بۆ ناساندنی وەرزشوانان، سوپاسی خانەوادەکەم و هاوڕێکانم و مامۆستاکەم دەکەم کە هۆکاری بەردەوامیی من لە یارییەکە بوون.



# ئارام ئەمین پاڵەوانی لەشجوانی خۆی بۆ چەند پاڵەوانیەتی جیهانی ئامادە دەکات

لە ماوەی رابردوو چەندین کوڕە یاریزانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەشدارییان لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان کرد لە یاریی لەشجوانی کە لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا بەڕێوەچوون و چەندین مەدالیای جۆراوجۆریان بەدەست هێنا. ئارام ئەمین پاڵەوان و راهێنەری نێودەوڵەتیی ئەم

# هەولێر بە دوای چارەسەردا دەگەڕێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر هەر چەندە ئەم وەرزە وەکو تاکە نوێنەری یانەکانی هەرێمی کوردستان لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەشداری کردووە، بەڵام ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە، هاندەرانیش داوای ئەنجامی باشتر دەکەن، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێریش بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی دۆخی یانەکە ببنە قۆناخێکی تازەوە لە یارییەکانی قۆناخی دووەم، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە یانەکەمان ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت، وەکو نوێنەری یانەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری یارییەکان دەکەین، بەڵام باری دارایی تیپەکەمان وەکو پێویست نییە، هەرچەندە ئەمساڵ ئەو یاریزانانەمان هێناوە، ئەویش بە قەرز بووە، بۆیە ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، هاوکاریمان بکات لە رووی داراییەوە، چونکە ئێمە نوێنەری یانەکانی کوردستانین و لەم خولە بەشدارین، لە قۆناخی دووەمیش هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجام و ئاستی باشتر پێشکەش بکەین لە یارییەکانی قۆناخەکە و بتوانین گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی پیشەگەریش مۆربکەین بۆ ئەوەی ئەنجامەکانمان بە دڵی هاندەرانیش بێت.» گوتیشی: «یانەکانی شارەکانی عێراقی کە سەر بە هیچ دامەزراوەیەك نین، لە چاو ئێمە باری داراییان باشترە و حکومەتیش بڕی دوو ملیار دیناری بە هەر یەك لەو یانەیانە داوە، بۆیە ئێستا ئەوان زیاتر لە ئێمە باری داراییان باشترە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بتوانین ئاستمان بەرەو باشتر بڕوات، ئێستاش تەنیا ئەو تیپەمان هەیە کە بەشدارین لە یارییەکان و داوا لە هاندەرانیش دەکەین پشتگیری یانەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنن، وەکو کارگێڕیی یانەکەش هیچ کەمتەرخەمییەکمان نەبووە بۆ بەرزکردنەوەی ناوی یانەکە و ئەوەی لە توانامان‌دا بێت، تەخسیری ناکەین بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ناوی هەولێر و هەوڵدەدەین تیپەکە یەکێك لە تیپە رکابەرەکان بێت.



یارییە لە ماوەی رابردوو توانی بەشداریی ژمارەیەك لە پاڵەوانیەتی لەشجوانی بکات، لە ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەورووپا و چوار مەدالیای بەدەستهێنا، ئێستاش بەردەوامە لە مەشقەکانی بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی زیاتر، لەم بارەشەوە ئارام ئەمین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ماوەی رابردوو بەشداریم لە شەش پاڵەوانیەتی کرد لەسەر ئاستی جیهان لە چەند ولاتێکی ئەورووپی و توانیم چوار مەدالیای زیو و برۆنز بەدەست بهێنم، بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەش لەم پاڵەوانیەتییە بۆ من وەکو یاریزانێکی زۆر گرنگ بوو، بە هیوای ئەوەشم لە داهاتوو بتوانم ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم و ببمە پاڵەوانی ئەورووپا.» گوتیشی: «ئێستاش سەرقاڵی ئامادەکاریی زیاترم بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشداری بکەم و ئەنجامی باشتر و گەورەتر بۆ هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنم، بە ئاڵای کوردستانیشەوە بەشداری دەکەم.» لە بارەی لەئەستۆگرتنی ئەرکی تێچووی سەفەرەکانی بۆ یارییەکان گوتی: «هیچ کەسێك هاوکاری منی نەکردووە و زیاتر لە دە هەزار دۆلارم لە سەر ئەرکی خۆم سەرف کردووە، خۆیشم وەکو یاریزانێك خولیایەکی زۆرم بۆ ئەم یارییە هەیە.» لە بارەی مەشقەکانیش گوتی: «من راهێنەرم و خاوەنی هۆڵم لە هۆڵەکەی خۆم مەشقەکانم رێکخستووە و لەوێوە پەرەم بە تواناکانی خۆم داوە، وەکو راهێنەر و یاریزانێك بۆ ئەوەی بتوانم لە زۆرترین پاڵەوانیەتی بەشداری بکەم و ئەنجامم هەبێت.» گوتیشی: «هەموو هەوڵێکی منیش بۆ ئەوەیە بە پاڵەوانی جیهان بەشداری بکەم و بتوانم ئاڵای کوردستان لەو پاڵەوانیەتییە بەرز بکەمەوە و بە ئەنجامی دڵخۆشکەر بگەڕێمەوە باشووری کوردستان، تاکو ئێستاش هیچ گرفتێکم نییە و داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان هاوکاریی وەرزشکاران بکەن، وەکو هەموو وەرزشەکان و بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەنجامی گەورەتر بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەین.

# کوڕە کوردێک مەدالیایەکی زێڕ بەدەست دەهێنێت





لە وڵاتی میسر لە نێوان چەندان وڵاتانی بەشداربوو و زیاتر لە پەنجا یاریزانی وڵاتانی عەرەبی یاریزانی کوردی شاری رانیە و یانەی وەرزشیی دوکان جەوهەر مستەفا پاڵەوانی عێراق لە پاڵەوانیەتی یارییە سیانییەکانی زستانەی وڵاتانی عەرەبی مەدالیای زێڕ و پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، لەم بارەشەوە جەوهەر مستەفا یاریزانی یانەی دوکان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەم پاڵەوانیەتییە کە بە پاڵەوانیەتی یارییە سیانییەکانی زستانە ناودەبرێت، ٥کم پاسکیل سواری و ئەوەی تریش راکردنە ماوەی دووەمیش هەر راکردن و پاکسیل بووە لە بڕی مەلەوانی کە زستانە ناکرێت، بەڵام خۆشبەختانە لە ئاستی پێشکەوتووان توانیم بە ئاست و بە ئەنجام پلەی یەکەمی پاڵەوانیەتییەکە بەدەست بهێنم کە مەدالیای زێڕ بوو، تاکە یاریزانی کوردیش بووم لە پاڵەوانیەتییەکە توانیم ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنم.» گوتیشی: «کاتی خۆناسین هەموو لێژنەکە دەیانزانی ئێمە یاریزانی کوردین و لە کوردستان هاتووین و بە ناوی عێراق یاری دەکەین، بەڵام منیش وەکو هەموو یاریزانێکی تر حەزم دەکرد بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری بکەم، بەهیوای ئەوەشم لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی کوردستان گرنگی بەم یارییە بدرێت و زیاتر پێشبکەوێت.» سەبارەت بە بەرنامەی داهاتووی خۆیشی گوتی: «لە ئێستاوە بەرنامەی داهاتووی من ئەوەیە کە ئامادەکاری بکەم بۆ پاڵەوانیەتییەکانی ئاسیا و جیهان و ئۆلۆمپیاد بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی شایستە لەوێش بەدەست بهێنم.» گوتیشی: «دوای هاتنی سەرۆکی تازەی یارییە سیانییەکان ئێستا یارییەکە سەر لەنوێ رێکخراوەتەوە و پێداویستیەکانمان بۆ دابین کراوە.»





# ئیسکۆ هەڕەشە دەکات

کێشەکانی ئیسکۆ و کارگێڕی یانەی ریال مەدرید تا دێت تەشەنە دەسەنێت لە گواستنەوەی داهاتووی یاریزاناندا یاریزانە ئیسپانییەکە یانەکەی بەجێدەهێڵێت.
رۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویانکردووە لە گواستنەوەی زستانەی یاریزاناندا ئیسکۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدرید جێدەهێڵێت و ئەمەش بەهۆی کێشەکانی ئەو یاریزانە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی و سانتیاگۆ سۆلاری راهێنەری یانەکە.
ئیسکۆ ئەمساڵ زۆر کەم لە لایەن سۆلارییەوە لە یارییەکاندا بەشداری پێکراوە، بە یەکێک لە هاوڕێکانی لە ژووری جلگۆڕینی یاریزانانی ریال مەدریدی راگەیاندووە لە گواستنەوەی زستانەدا ریال مەدرید جێدەهێڵێت، ئەگەر مانچێستەر سیتیش دەستەوارەی پێشکەش بکەن راستەوخۆ قبوڵی دەکات.
پێشتریش لە چەند هەواڵێکی جیاجیادا هەریەکە لە یانەکانی ئەرسیناڵ و چێڵسی و تۆتنهام و یوڤێنتوس ئامادەیی خۆیان پیشاندابوو گرێبەست لەگەڵ ئیسکۆدا مۆربکەن.

# سیمیۆنی رەخنە لە گۆڤاری فرانس فۆتبول دەگرێت





دیگۆ سیمیۆنی لە لێدوانێکدا نیگەرانی و تورەیی خۆی بەرانبەر گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ دەربری، کە خەڵاتی باڵۆن دۆری بە مۆدریچ بەخشی و گوتی: هەموومان دەزانین لەم سەردەمە چی دەگوزەرێت، کۆرتوا ئەمساڵ بە باشترین گۆڵپارێزی ٢٠١٨ دەستنیشان کرا، بەڵام کاتێك لە ئەتلێتیکۆ مەدرید بوو، ناڤاس خەڵاتی باشترینی ساڵی وەرگرت.

دیێگۆ سیمیۆنی راهێنەری ئەتلێتیکۆ مەدرید لە لێدوانێکدا، کە لە پێگەی مارکای ئیسپانیا بڵاوبۆتەوە گوتی: پیرۆزبایی لە لۆکا مۆدریچ دەکەم بە بۆنەی بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر، بەڵام لە راستیدا ئەو یاریزانە شایستەی خەڵاتەکە نەبوو.

سیمیۆنی گوتیشی: دەستنیشانکردنی باشترینەکانی ٢٠١٨ ناچارم دەکات، کە پێبکەنم ئاخر ئانتوان گریزمان و رافایل ڤاران زۆر لە مۆدریچ شایستەتر بوون، چونکە ئەو دوو ئەستێرەیە لەگەڵ یانە و هەڵبژاردەکەیان خەڵاتی گەورەیان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەوان تەنیا سەیری شتەکانیان کرد و هیچ نازناوێکی تا کە کە سیا ن بە د ە ستنە هێنا .

# یاریزانێکی بەرشلۆنە تا کۆتایی وەرز لە یاریکردن بێبەش دەبێت




یانەی بەرشلۆنە بە فەرمی رایگەیاند ئەم وەرزە بۆ رافینا ئالکانتارا تەواوبوو و ناگەرێتەوە یاریکردن.

بەرشلۆنە لە نووسراوێکی فەرمی رایگەیاندووە رافینای بەرازیلی نەشتەرگەرییەکی لە بەستەرەکانی ئەژنۆی چەپی بۆ دەکرێت و شەش مانگی پێویستە بۆ چاکبوونەوە.

رافینا ناتوانێت لەم وەرزە پێ لە تۆپ بداتەوە و لە تەواوی یارییەکانی بەرشلۆنە بۆ وەرزی ٢٠١٨ ـ ٢٠١٩ دادەبرێت.

رافینا لەم وەرزەی خولی ئیسپانیا بەشداری چوار یاری کردووە و لە دوو یاری لە چامپیۆنزلیگ و جامی سوپەری ئیسپانیا کردووە.

رافینای تەمەن ٢٥ ساڵ لە ئەکادیمیای بەرشلۆنە پێگەیشتووە پێشتر دوو جار بەشێوەی خواستن روویکردۆتە یانەکانی سێلتا ڤیگۆ و ئینتەر میلان تا ئێستا ٨٧ یاری لەگەڵ تیپی یەکەمی بەرشلۆنە کردووە، ١٢ گۆڵی تۆمار کردووە لە هاوینی ٢٠٢٠ گرێبەستەکەی لە گە ڵ یانەکە تەواو دەبێت.